
# بۆ هاوڕێ مونزینبیرگ
## سکرتێری فریاکەوتنی کرێکارانی جیهان



وەکوو تەواوکردنێک بۆ ڕاپۆرتەکەت بۆ کۆنگرەی 4ی کۆمینتێرن، دەمەوێت ئیشارەتێکی کورت بە گرنگی ڕێکخراوی فریاکەوتن بکەم.

قبوڵکردنی یارمەتیدانی برسییەکان* (لە ڕووسیا) لەلایەن چینی کرێکارانی جیهانەوە و بەشێوەیەکی بەرفراوان، توانی یارمە تی ڕووسیای سۆڤییەتی بدات کە سەربکەوێت بەسەر سەختترین ڕۆژەکانی برسێتی ساڵی پاردا.

لە ئێستادا پێویستە دەرمانی ئەو برینە بکەین کە لە برسێتییەوە دوچارمان بووە، یەکەم و بەر لە هەموو شتێک دابینکردنی پێداویستی ژیانی ئەو هەزارەها منداڵە هەتیوانەیە و پشتڕاستکردنەوە و بووژانەوەی کشتوکاڵ و پیشەسازییە پاش کاریگەری برسێتییەکی سەخت.

هەر لەم پرۆسەیەدا، یارمەتی برایانەی چینی کرێکارانی جیهان ڕاگەندراوە و دەستی پێ کردووە. ڕیزێک لە کرێکارانی تراکتۆری ئەمەریکی لە پیرن، گرووپەکانی جووتیاران لە ڕێکخراوی یارمەتی تە کنیکی ئەمەریکی، دامەزراوەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی فریاکەوتنی کریکارانی جیهان و بڵاوبوونەوەی بانگەوازەکە و خۆ ناونووسکردن بۆ یارمەتی لە ڕێگای فریاکەوتنی کرێکارنی جیهانەوە، لەم ئاراستەدا یەکەمین یارمەتی پرۆلیتاری بۆ ڕووسیای سۆڤییەتی وەرگیرا.

هەموو ئەم پێشنیارانە کە بەڵێنیان دابوو لە مە یدانی یارمەتی برایانەی کرێکاران بۆ گەشە و بەهێزکردنی ئابووری لە ڕووسیای سۆڤییەتیدا جێبەجێ کران.

ئەم یارمەتییە ئابوورییانەی فریاکەوتنی کرێکارانی جیهان بۆ ڕووسیای سۆڤییەتی، کە بە شێوەیەکی باش بەڕێوە چوو، هاوپشتییەکی گەورە و فراوانی کاریگەری لەناو هەموو کرێکارانی جیهاندا دروست کرد.

لە پاڵ ئەمانەشدا فشارێکی سیاسی بەهێزی لەسەر حوکوومەتە بۆرژوازییەکان دروست کرد بۆ بە ڕەسمی ناسینی دە سەڵاتی سۆڤییەتی.

یارمەتیی فراوانی ئابوری لە لایەن پرۆلیتاریای جیهانی، پایەیەکی پتەو و بەهێزی عەمەلی بۆ ڕووسیای سۆڤییەتی دروست کرد لە شەڕی ئابووری لە دژی مولکدارە گەورە ئیمپریالیستییەکان و باشترین یارمەتیش بوو بۆ دروستکردنی ئابووری سۆسیالیستی.

ڤلادیمیر ئیلیچ ئۆلیانۆڤ لێنین
2ی دیسامبەری 1922

ئەم نووسینە بۆ یەکەم جار ساڵی 1924 لە کتێبی:- سێ ساڵ لە یارمە تی کرێکارانی جیهاندا 1921–1924دا بە چاپی مۆسکۆ بڵاو بۆتەوە.

تێبینی بڵاوکەرەوەی چاپ کە لە لایەن لێنینەوە ئیشارەی پێ کراوە:- فریاکەوتنی کرێکارانی جیهان، ڕێکخراوێکی چینی کرێکاری جیهان بوو بۆ هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی ڕووسیای سۆڤییەتیدا لە سێپتامبەری ساڵی 1921دا لە کۆنفرانسێکی جیهانیدا کۆمیتەکانی یارمەتی بۆ خەڵکانی برسی لە ڕووسیای سۆڤییەتیدا کە ڕێکخراو بوو لە چەند وڵاتێک بۆ هاریکاری ئەم یارمەتییانە لە ئاستی جیهاندا پێک هات. پێکهێنانی فریاکەوتنی کرێکارانی جیهان، وەڵامدەرەوەیەک بوو بە بانگەوازەکەی لێنین کە ئاراستەی پرۆلیتاریای جیهانی کردبوو لە 2 ی مانگی 8 ی 1921دا.
*{ } تەئکیدی ئەم دوو کەوانەیە هی وەرگێڕە.

**وەرگێڕانی لە فەڕە نسییەوە: هۆشیار قادر**
Hoshyarkadr@yahoo.fr

سەرچاوە:
سایتی ئەرشیفی ماکسیستەکان لە ئینتەرنێت، بەشە فە ڕەنسییەکەی
http://marxists.org/francais/lenin/works/1922/12/vil1922/202.htm